# ز - ا - ک - ژ - ن - ر



Handren88@hotmail.com

پێشکەشە بەو کەسەی
پێم وایە ناوەکەی چەند یەکێک لەم پیتانەی تێدایە

دوای ئەوەی بە شعرێک بەدواتدا گەڕام
لە باخچەی تەمەن
چەند ناوێکم لەناو گەڵا وەریوەکان و
چەند ناوێکیترم
لەسەر نەمامە موتربەکان دۆزیەوە
هەر ئەو شعرە
سەفەرێکی ئاسمانی خەونەکانی پێکرم
لەسەر خاکی ئەستێرە پیرەکان
چەند ناوێکم لەژێر تەپوتۆز بینی
لە روخساری ئەستێرە تازەکانیش
چەند ناوێکیتر
هیلاکی ئەم شعرە
بۆ لێو تەڕکردن

بەرەو روبای حەزەکانی بردم
لە ماڵە وێرانەکانی ماسیە مردووەکان
چەند ناوێکی خنکاو و
لە ناو گەرا بەهاریەکانیش
چەند ناوێکی نەپشکوتوو
ماندوویان کردین ماندوو
بۆ کێشانی جگەرەیەک گەڕاینەوە بەر پەنجەری مەتبەخ
دووکەڵی من و ئەو شیعرە تێکەڵ ئەبوون
تێکەڵ ئەبوون
تێکەڵ ئەبوون بە هەموو ئەو ناوانە
ئەم ناوانە
هیچ یەکێکیان
بەتەواوەتی
نەئەخوێندرانەوە

٢٤ی ٦ی ٢٠٠٨